# هێشتا خەڵکی لەسەر خێرن؛ ئەگەر پەلە بکەن لە ڕۆژوو شکاندن

لە سەهلی کوڕی سەعد ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبــەری خـودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:«هێشتا خەڵکی لەسەر خێرن؛ ئەگەر پەلە بکەن لە ڕۆژوو شکاندن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا هەواڵی ئەوە دەدات کە خەڵکی لەسەر خێرن بە بەردەوامی ئەگەر زوو ڕۆژوو بشکێنن، واتە: ڕاستەوخۆ لە پاش بانگ وخۆرئاوا بوون بیشکێنن، وئەگەر وا بکەن ئەوا سونەتیان جێبەجێکردووە. وئەگەر پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بڕۆن وڕۆژوو شکاندن دوا بخەن، ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەسەر خێر نین؛ چونکە ئەوان وازیان لە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێناوە لە کاتێکدا ئەو فەرمانی پێیان کردبوو کە شوێنی سونەت بکەون.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4438

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee